
شیعر



چنوور نامیق حەسەن

# بەدەم خەیاڵی عەسرەوە.. کۆمکەرەوە



کۆلانێک لە روحما وێڵە
داوای بەخشین لە عەسرە خومارەکانی ئەکەم
کە هەناسەم دەخواتەوە
سێبەرم لێ ئەچۆڕێنێ
روخسارم وەکو گەڵا ئەکەوێ

ئەوەرم وجریوەکانی دەم سوبحێ ئەچنمەوە
پیاوێک لە تەم دووم ئەکەوێ
دەستی لە هەڵوەرینم پڕ ئەکا و
پێ راناگا کۆمکاتەوە

عەسرێکی ڕووت لە باوەشمدا میوانە،
ژوورێکم تێدا داڵدەیە
لە تورەییی خەندەیەکما نغرۆ ئەبێ

زیندانێکم تیا ئەپەیڤێ

حەسرەتی پیاوانی عەرشم تیا ڕۆ ئەکا

سەرابێکم تێدا ونە
پڕە لە پیاوە نەسرەوتووەکانی
شاری عەشق

باخێکم تێدا پایزە
لەزەینی باخەوانەکانیدا
گەڵا ئەگرم
بە تەماشا ئەوەرم و
پەیتا پەیتا

سەوز ئەبمەوە
ئەمە چی کارەساتێکە
پیاوێک سێبەرم بۆ ئەکا، بەخۆی
لە هەرەسەکانی عەشقەوە هەڵاتووە

پایزێکم تیا جێماوە
سێبەرم تیا ئەڕێژێت و
شەوانم ژێر ئەکاتەوە
بەهەشتێکە پڕ
لە وەفای پێاڵە نیوە پڕەکانی ژیان

عەشقێکم تێدا داڵدەیە
پڕ هەنگوینی خەیاڵی هەنگە زەردەکان
پڕە لە خەونی بەتاڵی جەلادەکان
پڕە لە زەمبیلەی خاڵیی
دەستی ژنە نەفامەکان
پڕە لە خەونی میوەیی، لێوم

بۆ تامکردنی خەتاکان

زیندانێکم تیا دێتە گۆ
پڕە لە پرشی شەرمی ڕووم

وەک خەیاڵم، لە دەنکە هەنارەکاندا
ڕۆشن ئەبێ
بە هاتنی وەرزی ڕۆین خامۆش ئەبێ

کۆڵانەکەم، پڕە لە جەلادی ڕوح سوک و
خەمی مەییوی ئەوساکە
لە خوماربوونی چاوانم نغرۆ ئەبێ

زیندانێکم پێ ئاشنایە
کە سوک دەگریم، لە زەینم قاقا لێ ئەدا
کە مەست ئەبم
پڕم ئەکا لە سوحبەتی شەوەکان و
لێوی مەراق
باخچەیەکە
پڕ نازنازی خەواڵووە
کەمل ئەنێم بەلارەوە
بەخەبەر دێن
پڕە لە مەیلی شوڕەبی

کاتێ سەرم دائەخەم و
خەم ئەکرۆژم
پڕە لە تریفەی پرچم

پڕە لە ڕۆیینی هۆشم

له تامی گەزۆی خەمێکم
له مزریی شەکرە سێوەکان

پڕه له ئاسمانی چاوم
بۆ فڕینی کۆتری سەر منارەکەی

کۆڵانێکم تێدا وێڵە

تەنها له کاتی ڕۆین و
بەفری ناکاو... خەوم بەبیر دێنێتەوه

که با دەنوێ گەمه بەنازی رووم ئەکا
جێ هەنگاوی باخچەکانی باوکم
لەخۆ ئەگرێ
خەمه گەزۆییەکانی ئەوساکەم
بەبیر دێنێتەوه



کۆڵانەکەم
لەو سەری فەلسەفەی منارەیەکی یاخیدا
ڕاکشاوه و تەنها من و بۆڵەبۆڵی
زەمەن لەخۆ ئەگرێ
من و زیندانەکەی ناوم، من و
تریفەی چاوانم
من و پایزه وێڵەکان....

ئای زەمەنم
عەسری دووری کۆڵانەکەم
تەنیا لای من بارگه ئەخا
خۆی میوانی زەردەپەڕه و

پڕ بەخەیاڵ
بادی (سەبا)م لەبۆ دێنێ

زیندانێکە
بێزار لە وردە خەونی رژاوی گەورە پیاوان

پڕە لە دەنگی رزیوی فەتوای ژنە کوژراوەکان

پڕە لە وەرزی بەسەرچوو و

بۆنی میوە رزیوەکان
پڕە لە رۆشنایی رژاوی چاوانم

پڕە لەپرشی جێمان و
لە وردە خەندەی نەگییو

زیندانێک لە ناخما وێڵە

پڕە لە قیژە و هاواری مێژوو
پڕە لە خوماربوونی چاوم و

رازە بەتاڵەکانی لێوانم

کە بەوێدا تێئەپەڕم
بۆنی بارانی مێژینە

ئاوڕدانەوەیەکی جاران
کێشم ئەکا

لەم بارانە هاوینەیە
عەسرێک بە رووما هەڵئەچێ

تەنها گەڵاکانی جەستەم جێ ئەمێنێ

لەم مەستبوونە هەتاییە

پیاوێک وشەوێکی بێدار

لەخۆ ئەگرم

چ کۆمیدیایەکی سەیرە

شەوێک تاریکیم پیا ئەدا
خۆی بێدارە

پیاوێک سێبەرم بۆ دێنێ
خۆی لە هەرەسی عەشقەوە
هەڵاتووە و
پێ ڕاناگا کۆمکاتەوە !

